| | | |
|---|---|---|
| إقليم كوردستان- العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة الداخلية<br>المديرية العامة للديوان<br>مديرية الادارة | Kurdistan Regional - IRAQ<br>Council of Ministers<br>Ministry of interior | هەرێمی کوردستان- عێراق<br>ئەنجوومەنی وەزیران<br>وەزارەتی ناوخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان<br>بەڕێوەبەرایەتی کارگێری |

NO: ژمارە :

DATE: رێکەوت : / / ٢٧ کوردی

# ڕێنمایی ژمارە ( ١ )

## ڕێنمایی لیژنەی بەدواداچوونی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی میری

ئاماژە بە هەردوو نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ١٦١٦ لە ٢٠١٤/٣/٩ و ٤٤٢٣ لە ٢٠١٤/٧/٢١ و بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراووە لە ماده/١ بڕگە/ یەکەم لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ ی ساڵی ٢٠٠٩ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

وەزارەتی ناوخۆ
دەرکردن: / / ٢٠١

### پێناسەکان

**مادەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانیان بەرامبەریان دیاری کراوە بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە:

١- **وەزارەت:** وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان

٢- **وەزیر:** وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان

٣- **لیژنە:** لیژنەی بەدواداچوونی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی میری.

٤- **ئۆتۆمبیلی میری:** ئەم ئۆتۆمبیلەی کە تۆمارکراوە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ و ژماری میری بۆ تەرخانکراوە.

٥- **دادگا:** دادگاکانی لێکۆڵینەوە لە هەرێمی کوردستان.

٦- **باج:** ئەو باجەی کەوا لەلایەن لیژنەی بەدواداچوونی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی میری ڕێکدەخرێت و دابەشدەکرێتە سەر ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە ڕێگەیان پێ دەدرێت.

**مادەی دووەم:**

مەبەست لە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە:

١- بۆ ڕێکخستنی هاتووچۆ و خراپ بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی میری کە لە ئەستۆی فەرمانبەرو کارمەندانی میرین..

٢- کەم کردنەوەی خەرجییەکان و بە یاسایی کردنی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلەکان.

**مادەی سێهەم:**

**یەکەم:** سەرجەم ئەو ژمارە شارستانیانەی دراون بە ئۆتۆمبێلە میرییەکان وەردەگیرێتەوە جگە لەو ژمارانەی تەرخان کراون بۆ ئۆتۆمبێلی بەرێز وەزیر و بریکاری وەزیر و پارێزگارەکان.

**دووەم:** لەکاتی نەگەڕاندنەوەی ئەو ژمارانە دوای ئاگادار کردنیان دوای (٣) ڕۆژ فەرمانگەی یاسایی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی هەرێم هەڵدەستێت بە تۆمارکردنی سکاڵا لە دادگا دژی ئەوانەی ژمارەکان ناگەڕێننەوە.

**سێهەم:** لەکاتی گەڕانەوەی ژمارەی شارستانی دەبێت ئەستوپاکی لەلایەن بەشی سزاکانی هاتووچۆ بکرێت.

**چوارەم:** ڕێکخستنی جۆرە باجێک لەلایەن لیژنەی بەدواداچوونی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی میری کە بە لای چەپی خوارەوەی جامی پێشەوەی ئۆتۆمبیلەکە دەلکێندرێت.

**پێنجەم:** دەست بەسەرداگرتنی ئەو ئۆتۆمبێلە حکومیانەی کە دوای دەوام بێ باج بەکار دەهێنرێن لە گۆڕەپانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ /بەشی یاسایی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە هەڵدەستێت بە تۆمارکردنی سکاڵا دژی شوفێری ئۆتۆمبێلەکە.

**شەشەم:** ئۆتۆمبێلەکانی فریاگوزاری (پۆلیس ، هاتووچۆ ، ئەمبولانس ، ئەوانەی ئامێری ئاگادارکردنەوەی لەسەر بەستراوە) ناگرێتەوە.

**حەفتەم:** بەکارهێنانی ژمارەی دەرەوەی هەرێم بۆ ئۆتۆمبێلە حکومیەکان قەدەغەیە و دەستی بەسەر دادەگیرێ و ڕێوشوێنی یاسایی لەگەڵ دەکرێت.

**هەشتەم:** دوای کاتژمێر (٥) ی ئێوارە هەر ئۆتۆمبیلێکی میری بەبێ باج لە شەقامەکاندا بسوورێنەوە دەستی بەسەر دادەگیرێ و ڕێوشوێنی یاسایی لەبەرامبەریدا لەگەڵ دەکرێت.

**مادەی چوارەم:**

لەسەر هەموو بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سنوری پارێزگاکان و ئیدارەکان ئەم ڕێنماییە جێبەجێ بکەن

**مادەی پێنجەم:**

کار بە هیچ ڕێنماییەکی تر ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە.

**مادەی شەشەم:**

ئەم ڕێنماییە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان..

**کریم سنجاری**

**وەزیری ناوخۆ**

**وێنەیەك بۆ:**

- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- گشت وەزارەتەکان ( و. پەروەردە )
- وەزارەتی داد/ ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە
- گشت پارێزگاکان و ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان/ بۆ کاری پێویست
- گشت فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت

پلاندانان/

- خولاو